# خوسندكار و مامؤستا و زانكؤ ... سةردار عةزيز

پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی، وەک هەموو جۆرە پەیوەندیەکانی تر، پەیوەندیەکی ئاسان نیە. ئێمە زۆر ئەوە دەبیستین کە لە میانەی هەموو پەیوەندیەکا دەسەڵات پیادەئەکرێت، ئایا لە نێوان مامۆستاو خوێندکاردا دەسەڵات ئامادەیە؟ ئەگەر ئامادەبێت، ئایا ئامادەبوونی پێویستە؟ یان هەموو جۆرە دەسەڵاتێک بە سروشت نێگەتیفە؟

ئەگەر پێناسەی دەسەڵات بکەین لە میانەی پەیوەندیەکانا ئەوا دەڵێین؛ دوو کەس لە میانەی پەیوەندیاندا، یەکەمیان کە خاوەن دەسەڵاتە، دووەم ناچارئەکات بە کارێک یان بە شێوازێکی تایبەت بۆ ئەنجام دانی کارێک هەستێ، کە لە کۆتایدا بۆ بەرژەوەندی کەسی یەکەم بگەرێتەوە. بەڵام خوێندکار بۆ ئەوە لە زانکۆ نیە تا بە کارێک هەستێ کە تەنها لە بەرژەوەندی مامۆستایاندایە. بەڵکو ئەو لەوێیە بۆ فێربوون و وەدەستهێنانی ئامانجێک کە لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی خۆی و کۆمەڵگاشە. لێرەوە ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان مامۆستاو خوێندکاردا هەیە، رەنگە پەیوەندیەکی تر بێ نەک پەیوەندی دەسەڵات .

بۆ مەبەستی ئەم نوسینە هەوڵئەدەم بەراوردێک بکەم لە نێوان زانکۆکانی کوردوستان (سلێمانی) و ئەم زانکۆیەی کە من تیا ئەخوێنم، (زانکۆی کۆرک). پێش دەستپێکردن پێویستە ئەوە روونکەمەوە کە کۆلێژەکەی من کۆلێژی بەرێوبەری حکومەت، کۆلێژێکی نوێیە، (هەرچەندە زانکۆکەمان لە سەدەیەک زیاتر تەمەنیەتی) وە لەرووی کارگێریەوە لە سەر شێوازی زانکۆی هارڤەرد لە بۆستون، لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرێوە ئەبرێت. بۆیە من چاوەروانی ئەوە ناکەم کە کۆلێژێ یان زانکۆ لە کوردوستان بتوانێ بەم شێوازە بەرێوە بچێ!

لە یەک دوو دەیەی دووایی کۆتایی سەدەی بیستەم، شێوازێکی کارگێری نوێ هاتە ئاراوە کە بە شێوازی نوێی کارگێری یان بەرێوبردن ناسراوە. ئەم شێوازە بە ئەوە هاتوە کە جێ بە شێوازە کۆنەکەی بیروکراسیەت بگرێتەوە. لە شێوازی بیرۆکراسیەتدا کاتێک کەسێک لە سەر کارێک دائەمەزرا ئیتر بۆ هەموو ژیانی بوو. بەڵام لە گەڵ ئەم سیستەمە نوێیەدا ئەوە بەسەرچوو. لەروویەکی ترەوە ووشەی کارگێری یان مانجمێنت لەزمانی ئینگلیزیا یانی کار بەدەستگرتن بۆ گەشتن بە ئامانج وە لە هەمانکاتدا وە ئەستۆ گرتنی شکست، بەو مانایە ئەو کەسەی کە کار بەدەستەوە دەگرێ بەرپرسیارە لە دەرئەنجام بۆیە یەکێک لە دروشمە ناسراوەکان ئەم سیستەمە لێگەرێ با کارگێر دەست بەکاربێت. بۆ بەدستهێنانی ئەم ئامانجانە پێویستە داواکاریەکانی کریار لە بەرچاو بگیرێت، داخوازیەکانی جێبەجێ بکرێت. یەکێک لە دەردە کوشندەکانی بیرکراسیەت ئەوەبوو کە دوژمنی داهێنان بوو، فەرمانبەران بێلایەن نەبون لە هەڵسوراندنی کارەکان، لە زۆر شوێن تەمەڵخانەیەکی ئاشکرابوو .

لەم روانگەیەوە ئەگەر تەماشای خوێندکار وەها بکرێ کە کەسێکە دێت بۆ زانکۆ بۆ ئەوەی مەعریفە بکرێ، لە دەرئەنجامی ئەمەدا پەیوەندیەک دروست بێت، کە خوێندکار وەک کریارێک بتوانێ نەک سەرپشک بەڵکو دەستی هەبێ لە جۆری ئەو مەعریفەیەو شێوازی گووتنەوەی. بەم پێیە مامۆستا دەبێ هەردەم لە هەوڵی نوێکردنەوەدا بێت، دەبێ وەک میوەفرۆشێ بتوانێ سەرنجی کریار رابکێش .

بۆ ئەوەی ئەمە بێتەدی، گۆرانێکی سەرتاپا پێویستە، کە پێویستە سەرجەم بونیادە کۆمەڵایەتیەکان و تێگەیشتنەکان بگرێتەوە .
لە کۆلیژەکەی من هەموو ساڵی ناوەرۆکی بابەتەکانی خوێندن دەگۆرێن. هەموو ساڵی لە سەرەتاوە چەند وانەیەک هەیە بنەرەتین، چەند وانەیەکیش هەیە بە پێی ئارەزوون. خوێندکار سەرپشکە لەوەی چۆن هەڵیانبژێرێ، کە لە دوا دەرئەنجامدا پەیوەندی بە تواناو ئارەزوو کێڵگەی حەزی خوێندکارەکەوە هەیە. مامۆستا ئەو کەسەیە کە بەوپەری ئاسانی دەتوانی پەیوەندی لەگەڵابکەی، برۆیتە ژورەکەی یان هەر پێویست ناکات بەلکو دەتوانرێ لە ریی ئیمەیلەوە زۆربەی پرسیارو داواکاریەکان وەڵامیان دەستکەوێت .
حەزئەکەم ئەوە روونبکەمەوە لە زۆرکەم زانکۆکانی دونیا بەم شێوەیە، بە جۆرێ کە قوتابی لە وڵاتانی تری ئەوروپاو ئەمریکاوە دێن دەحەپەسێن. لە زۆربەی زانکۆکان پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار پەیوەندیەکی رەسمیە، فۆرماڵ، کە بەشێکی زۆری دەگەرێتەوە بۆ بیرۆکراسیەت و گەورەیی زانکۆکان، چونکە تا خوێندکار زیاتر بێت پەیوەندی لاوازتر دەبێت و کات لەلایەن پرۆفیسۆرەکانەوە کەمتر دەبێ بۆ خوێندکاران
لە کاتێکا مامۆستا وەک هاورێیەکە لە گەڵیا دەرۆم بۆ دووگۆڵی، لە گەڵ مامۆستا ئافرەتەکانا دەرۆم بۆ قاوەخواردنەوە، لە دەرئەنجامدا پەیوەندیەک دێتە دی کە مەعریفە بە ئاسانی دێت و دەچێت. خوێندکار لەوە سڵ ناکاتەوە پرسیاربکات یان بە پێچەوانەی مامۆستاکەیەوە بیربکاتەوە. بەڵکو هەموو شێوازە بیرکردنەوەیە ئازادە بە مەرجێ بتوانی لە رووی زانستیەوە پشتگیری بکەی. لە پێناوی دیموکراسیەکردنی مەعریفە کەس داوا لە خوێندکارناکات تەنها وەڵامێک بۆ پرسیارەکان ئامادەکات بەڵکو تا وەڵامەکەت جیاواز بێت پلەی باشتر وەرئەگریت .
وەک من ئاگاداربم لە زانکۆکانی کوردوستان بۆ ئەوەی وانە بڵێتەوە پێویستە لایەنێکی گۆرەپانەکە تەزکیەت بۆ بکات. لە دەرئەنجامدا چی دی بەلای مامۆستاوە گرنگ نیە خوێندکار یان قوتابی چی دەوێ، رازیە یان نارازی بەڵکو ئەو کاری خۆی ئەنجام ئەدات و دەرئەنجامیش هیچ کاریگەریەکی لەسەر کارەکەی نابێت، بەڵکو تەنها یەک شت دەبێ ئەو وەک مامۆستایەک گرنگی پێبدات دڵی لایەنەکەیەتی نەک سیستەمی خوێندن یان خوێندکار. ئەم شێوازە لە وڵاتانی پێشووی بلۆکی رۆژهەڵات بە یەکێتی سۆڤیەتەوە بڵاوبوو، بۆیە ئەمرۆ ئەگەر دەرچووی هەر زانکۆیەکی ئەو وڵاتانە بیت کەس بروات پیناکات بۆ ئەوەی ئیشت پێبدات. چونکە ئەوەی لەوێ بەرێوە ئەچوو حیزبایەتی بوو نەک مەعریفە، هەبوونی برێکی بەرچاوو لە دەرچوانی زانکۆکانی بلۆکی رۆژهەڵات لە زانکۆکانی کوردوستان رێگرێکی گەورەیە لە بەردەم هەموو نوێکردنەوەیەک بۆ ئەو زانکۆیانە .
یەکێک لە دروشمەکانی زانکۆکەمان ئەوەیە کە بەردەم جۆرناڵ بخوێننەوە چونکە کتێب لەگەڵ چاپکردنا بەسەرئەچێ. لە کوردوستان کتێبەکان نەک هەر ناگۆرێن بەڵکو وانەکانیش ساڵانە وەک خۆیان دەوترێنەوە. ئەمە لە دەرئەنجامدا نەک خوێندکار لە دونیا دائەبرێت بەڵکو مامۆستاش هان ئەدات بۆ ئەوەی لێی بخەوی .
کاتێک لە هاورێکانم دەپرسم ئایا ئێوە بۆ وانەکانتان هیچ بابەت ئامادەئەکەن یان بۆ هەموو وانەیەک چەند ووتارێ ئەنوسن؟ ئەوان نەک هەر کاری وەها ناکەن بەڵکو بەلایانەوە سەیرە بۆیە خوێندکارێ لە زانکۆ دەرئەچێ ناتوانێ راپۆرتێ ئامادەبکات. من سەرم سورئەمێنێ ئیتر چۆن فێرئەبێت زانیاریەکانی نوێ کاتەوە، بەدوای زانستا بگەرێ. ئێمە لەدونیایەکا ئەژین کە

هەموو کایەکان بە تایبەتی مەعریفە بەردەوام لە گۆراندایە. ئەگەر بتەوێ نەچیتە خانەی مێژووەوە هەردەم لە ئێستادا ئامادەییت هەبێ ئەوا دەبێ بەردەوام زانیاریەکانت نوێکەیتەوە. لێرەدا حەزئەکەم لەسەر خاڵی بوەستم ئەویش زمانە. ئێمە لە سەردەمێکا ئەژین وەرگێران وەک لە زمانی ئینگلیزیدا دەڵێن بووبە ئۆبسلیت، بەو مانایە وەک چالاکیەک رەنگە بوونی هەبێ بەڵام بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایەت. چونکە زۆربە ئاسانی پێراناگەیت. بۆ نموونە ئەگەر لە گوگڵ بەدوای بابەتێکا بگەرێیت بە زمانی عارەبی ئەوا رەنگە ئەوپەری بیست ناونیشانت بۆ بێت، بەڵام ئەگەر بۆ هەمان بابەت بە زمانی ئینگلیزی بگەرێیت بەلای کەمەوە ملیونێ زیاتر ناونیشانت بۆ دێت. ئایا ئەم دووانە بەراورد دەکرێن؟

ئەگەر بازاری ئازاد ئەمرۆ وەک درشمێ بەردەوام ئەوترێتەوە، بۆ ئەوەی نەبێتە یەکێکی تر لەو هەزارەها دروشمانەی کە گوتمانەوە بەبێ ئەوەی بزانین چین یان بۆچێ بۆیە هەردوای رۆژانێ کەم لێیان پەشیان بوینەوە، ئەوا دەبێ بازاری ئازاد بەپێی توانای ئابووری و کەلتوری ئێمە ببرێتە گشت بوارێ لە نێویاندا زانکۆ. ئەمە بەمانای بە پارەکردنی خوێندن نایەت بەڵکو بە مانای هەبوونی ئازادی دێت لە هەڵبژاردنی وانەو مامۆستاو چەندین شتی تریش. وە لەلایەکی ترەوە مامۆستا دەبێ بەرپرس بێت لەسەر ئاستی مەعریفی قوتابیەکانی. ئەم ئازادیە دەبێ بە هەمان شێوە مامۆستاش بگرێتەوە .